## بانگهێشتنامە بۆ ناسینمان

ئەگەر دەتەوێت زیاتر بزانیت سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکە.
ئەگەرهەر پرسیارێکتان هەیە، بە خۆشحاڵیەوە لەگەڵتان لەبارەوەیە پەیوەندی دەگرین.
باشترین ڕێگا بۆ پرسیارکردن لە ڕێگەی فۆرمی پەیوەندی گرتنەوەیە.
خۆشحاڵ دەبین ئەگەر بتەوێت بە فیدباکێکی نووسراو یارمەتیمان بدەیت.

Jemal Nebez Stiftung

دەزگای جەمال نەبەز

Dezgay Cemal Nebez


ئەگەر دەتەوێت لە ڕێگەی ڕووداوەکانمانەوە بمانناسیت، ساڵانە دوو ڕووداوی جێگیرمان هەیە کە بریتین لە:
• ڕۆژی دەرگای واڵا لە سەرەتای هاویندا
• دەستپێکردنی کۆبوونەوەی ساڵانەی ئۆنلاین لە مانگی دێسەمبەر

تکایە ئاگادار بن کە بۆ بۆنەکانمان پێویستمان بە تۆمارکردنی پێشوەختەی ناوەکاتان بە نووسراو هەیە. باشترە کە لە ڕێگەی فۆرمی پەیوەندیکردن لە ماڵپەڕەکەمانەوە بێت.

https://www.jemal-nebez-stiftung.org

## بناغەیەک بۆ بەرژەوەندییەکانی کورد و کوردستان

جەمال نەبەز لە ساڵی ٦١/١٩٦٠ هاتە ئەورووپا، کاتێک زێدی خۆی لە باشووری کوردستان بەجێدەهێڵێت، پێشتر کەسایەتیەکی بە ئەزموون بوو. بە چەند زمانێک قسەی دەکرد، پێشتر وەک نووسەر ناوبانگی دەرکردبوو و چەند ساڵێک وەک مامۆستای ئامادەیی فیزیا و بیرکاری کاری کردبوو. لە ئەورووپا سەرەتا وەک کرێکارێکی ئاسایی کاری کردووە و بەردەوام بووە لە خوێندن. دکتۆرای لە هامبۆرگ وەرگرتووە و بڕوانامەی لە زانستە سیاسییەکان لە بەرلین وەرگرتووە. وزەیەکی زۆری بەکارهێنا بۆ ئەوەی زانیارییەکانی لەسەر فەرهەنگی کورد و بارودۆخی کوردستان لەم بەشەی جیهان بڵاو بکاتەوە. ئەو زۆر گەشتی دەکرد لە ئەورووپا، بۆ ناسینی هاووڵاتییان و بۆ پێشکەشکردنی وتار. لە ماوەی ٦٠ ساڵدا بە بێ گەڕانەوەی بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان، لە نزیکەوە پەیوەندی بە کولتوور و ڕووداوەکانەوە مایەوە. ژیری و کاریزمای شەخسی و زانینی



بێئەندازەی لەسەر زمان و فەرهەنگ و مێژووی کورد و کوردستان ڕێگەی بە هاونیشتمانەکانی دا بە دڵنیاییەوە بڵێن: جەمال نەبەز لە کوێ بێت، لەوێش کوردستان هەیە. ئەو چەندین بەرهەمی داهێنەرانەی لە بواری زۆر جیاوازدا نووسیوە.

ئەم ڕێکخراوەی کە بەناوی ئەم بیرمەندە مەزن و پێشەنگەی کوردۆلۆژییەوە ناونراوە، بەجۆرێک دامەزراوە کە بوون و مانەوەی مسۆگەر کراوە. ڕێکخراوەکە لەم بابەتەوە زەختێکی ئەوتۆی لەسەر نییە. بەڵام پێویستی بە یارمەتی و پشتیوانی ماددی هەیە بۆ ئەوەی لە جێبەجێ کردنی ئەرکە یاسائەوەرەکانی ڕێز لە خاوەن ناوەکەی بگرێت و لە ئاراستە چاوەڕوانکراوەکانی هەنگاو بنێت، واتە:

• لە ئازادییەوە بۆ ئازادی
• لە بنەڕەتدا بۆ پاراستن و پەرەپێدانی زیاتر لە میراتی کولتووریی کورد و کوردستان
• لە دژی لەبیرکردنی ١٢٠ ساڵ پشتگوێخستنی تاوانکاری و پشتگوێخستنی بەرژەوەندییە ڕەواکانی کورد لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە بەرپرسیارەکان، کۆمەڵەی گەلان و ڕێکخراوە هاوکارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.

## لەکوێین. چی دەکەین. چیمان دەوێت.

ئێمە لە بەرلین-ویلمێرسدۆرف جێگیرین. جەمال نەبەز تا ئێستاش لەو ماڵەدا ناسراوە و شوێنەکەی بەکارهێناوە. ئێستا ئەم شوێنە سەر بە دامەزراوەکەیە. دامەزراوەی جەمال نەبەز لە ٣١ی ئازاری ٢٠٢٠وە بوونی هەیە. لە ١٦ی حوزەیرانی ٢٠٢٠ بڕیار دەرچوو کە بڕگەکانی دەستووری ناوخۆیی بەرواری ٢٠ی ئازاری ٢٠٢٠دا مەرجەکانی دانپێدانان بە دۆخی قازانج نەویستی بەدی دەهێنن. دەتوانن لە ماڵپەڕەکەمانەوە سەیری بەڵگەنامەکان بکەن.

ئامانج و واتای دەزگای جەمال نەبەز، پشتیوانی زانست و لێکۆڵینەوەو پەروەردەی گشتی، لەوانە بواری پیشەیی وهونەر و کولتووری کوردە لە کوردستان و وڵاتانی دیکەی جیهان لەسەرباروودۆخی ئێستاکە یاخود مێژووەکەیان.




• بەرهەمەکانی جەمال نەبەز و زانیاری لەسەر ژیانی دەپارێزین و بڵاوی دەکەینەوە.
•بەنیازین دووساڵ جارێک خەڵاتی جەمال نەبەز ببەخشین.
• ئێمە پشتگیری کەسانی بەتوانا/گرووپەکان و توێژینەوە/پڕۆژەکانیان دەکەین بە پێدانی یارمەتییەکان و ڕاهێنانی زیاتر – بە مەرجێک بتوانین سپۆنسەری گونجاو بدۆزینەوە.
باشترە پێشنیار و فیدباکەکانتان لە ڕێگەی فۆڕمی پەیوەندیکردن لە ماڵپەڕەکەمانەوە بنێردرێت. زۆر سوپاس

## پڕۆژەی درێژخایەن - کتێبخانە/ئەرشیف پڕۆژەی کتێب

لە شوێنەکەمان لە بەرلین-ویلمێرسدۆرف ژوورێکی فرەکارەمان هەیە کە دوای ئامادەکاری زیاتر، دەمانەوێت لە هەندێک کاتدا بیخەینە بەردەستی بەکارهێنەرانی تۆمارکراوی کتێبخانەکەمان. لە ژوورەکەدا بەرهەمەکانی جەمال نەبەز وەک بەشێکی تایبەت لەناو قفڵی کتێبدا دانراون. هەموو کتێبەکانی تر لە شوێنەکانی تر لە ڕەفەکاندان.





لە لای ڕاست و چەپی قفڵی کتێبەکە شوێنی هەڵگرتنی گۆڤارەکان بوونی هەیە کە شوێنی پێشانگایان تێدایە، بۆ نموونە بۆ خستنە بەرچاوی پڕۆژەی کتێبگەلی تازە تەواوکراو.
هەروەها ژوورەکە گونجاوە بۆ سیمینار و کۆبوونەوەی ئۆنلاین، بۆ نموونە بە بۆنەی ڕۆژی دەروازەی والای ریکخروەکەمان.
ئەرشیفی دەزگای جەمال نەبەز و یاداشتنامەکانی و نووسراو و نامەی چاپنەکراو و هتد، لە ماوەی مامناوەندا لەشوێنی سەرەکی دامەزراوەکە بەردەست دەبێت بۆ لێکۆڵینەوە.







سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکەن و لەوێ بە تایبەتی لاپەڕەکانی "کتێبخانە"، "پڕۆژەی درێژخایەن"، "پڕۆژەی کتێب".
سوپاسگوزارین بۆ هەر یارمەتی و پشتگیرییەک. ئەگەر پێشنیارێکتان هەیە، تکایە ئاگادارمان بکەنەوە، باشترین شێوە لە رێگەی بەکارهێنانی فۆڕمی پەیوەندیکردنمانەوەیە.

## ئاراستەکردنی نێودەوڵەتی

ئەم فلایەرە بە زمانی کوردی بە دوو سیستمی نووسین واتە بە هەر دوک زاراوەی زمانی کوردی(سۆرانی& کورمانجی) و هەروەها بە زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی بڵاو دەکرێتەوە. کوردان بە شیوەی زارەکی دەتوانن بە ئاسانی لە یەکتری تێبگەن و هەندێک جار دەتوانن پرسیار بکەن و شتێک ڕوون بکەنەوە. بەڵام بۆ نووسراوە پێویستمان بە دوو سیستمی زمانی کوردیە.
بەم پێیە کە باسکرا ئێمە ماڵپەڕەکەمان بەڕێوە دەبەین. واتە بە زمانی ئەڵمانی و ئینگلیزی و دوو زاراوەی کوردی.

**https://www.jemal-nebez-stiftung.org**




خەڵاتی زانستی/ پڕۆژەی درێژخایەن/ پرۆژەکانی کتێب/ پشتگیریکردن/ بەخشین شەفافیەت / مەراسیمات / کتێبخانە / دەربارەی ئێمە / پێزانین / نوێ لە ساڵی ٢٠٢٢ دا / دەستوور/ پێوەندی گرتن/ پۆدکاست / تابلۆی یادەوەری / گڵکۆ.

سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکەن و تکایە کات بۆ ناسینمان تەرخان بکەن. هەروەها سەردانی ماڵپەڕی پێشووی خاوەن ناوەکەمان بکەن کە هێشتا لە بەردەستە: لەوێ بە تایبەتی پێشنیاری دیتنی لاپەڕەی گشتی بەرهەمەکانی دەکەین.

**https://jemalnebez.org/jemalnebez_literatur.html**




لە ماوەی مامناوەندا پێویستمان بە ماڵپەڕێکە کە مەجالی گەڕانی تیدا هەبێت ئەوجۆرەی بۆ پێداویستییەکانمان بەرنامە بۆداڕێژراوە، هەروەها بۆ کتێبخانە و ئەرشیفەکەش.
پشتگیریمان بکەن بە یارمەتییەکانتان!

## زانیاری بانکی و پەیوەندی گرتن

ئەگەر ئێوە پشتیوانی لە دامەزراوەی جەمال نەبەزدەکەن، ئێمە چاوەڕێی هاوکارییە شایستەکانتانین.

بێگومان ئەگەری ئەوەش هەیە کە بە بەخشینێک یارمەتیمان بدەن.
خاوەن ئەکاونت: دامەزراوەی جەمال نەبەز. وردەکاری بانکی:

Deutsche Bank AG:
IBAN DE69100700240095378600,
BIC (Swift) DEUTDEDBBER
Für Daueraufträge -Gläubiger Identifikationsnummer:
DE74ZZZ00002433240

PayPal

ئێمە ئێکاونتی پەیپاڵیشمان هەیە. لە کاتی گواستنەوەکەدا دڵنیابە لە دێڕی بابەتەکەدا وشەی "بەخشین" بنووسە و تکایە ناوی خۆت و ناونیشانی ئیمەیڵەکەت یان ناونیشانی ماڵەوەت بنووسە. هەروەها دەتوانن لە ڕێگەی فۆڕمی پەیوەندیکردنی لاپەڕەکەمانەوە ناو و ناونیشانتان تۆماربکەن.
پێویستمان بە ناو و ناونیشانەکەتە بۆ ئەوەی پسولەت بۆ دابین بکەین بۆ یارمەتییەکەت. هەموو یارمەتییەکان ساڵانە دوو جار بە بێ ناو لە لاپەڕەی "شەفافیەت"ی ماڵپەڕەکەمان بڵاودەکرێنەوە. ساڵانە جارێک بە نووسراو ڕاپۆرت دەدەین کە چۆن ئەو هاوکاریانەی وەرمانگرتووە بەکاریان دەهێنین یان چۆن بەکارمان هێناوە.

***Jemal Nebez Stiftung***

*Spichernstraße 15, 10777 Berlin*
*Post an Postfach 311044, 10640 Berlin*

*Web: https://www.jemal-nebez-stiftung.org*
*Email: info@jemal-nebez-stiftung.org*

Telefon: +49 (0) 30 86 12 653
Fax: +49 (0) 30 86 15 706